# کووشتنی دیدی سێ یەم

سەعدوللا برایم خان

گوتاری کوشتنی دیدی سێ یەم گوتارێکە لە سەر مۆدێلی میتافیزیقاوە بوونیاد نراوە ، فۆرمێك وەردەگرێ کە دەربری ئەوەیە لە پشتی هەموو گوتارێك یەکێتی یەك هەیە کە لە دوا جار دا هەلدەستێت بە کوشتنی هەموو جیاوازیەکان روونتر بلێن وەك دەزگایەکی زەببەلاح وایە هەموو گوتارە جیاوازەکان لە ناو خۆیدا دەتووێنیتەوە یەکێتییەکی نا ئارەزومەندانە دروست دەکات. سیستێمکی شاقۆلی لە سەر بنەمایی لوتکە و بنکە بوونیاد دەنێت.دەتوانین بگەرێینەوە بۆ ئەوە وینا کردنی ئەفلاتون کە وەك جیهانی ئیدیال لە میتافیریقیا دەروانێت و جیهانی سەر زمینیش بە جیهانێکی عەدەم وێنا دەکات زێدەرۆیی ناکەین گەر بلێن ئەم دونیایە بە دنیایەکی دروزن و بە سێبەری دنیا راستەقینەکەی وێنا دەکات واتە ئەو دنیا ئێدیالە کە میتافیزیقیایە خاوەنی یاسایێکی سروشتی و چەند بنەمایەکی جبریە هەر جیاوازویەك یاخۆد یاسایەکی دەست کرد لە سەر زەمین فەراهەم دەکرێت ئەو واتە یاسایی جبری و سروشتی میتافیزیقیا وەك دەزگایەك بنەمای ئەم جیاوازیانە هەلدەوشێنیتەوە لە شوێنی ئەودا حەقیقەتێك هەیە، وەك حەقیقەتێکی رەهاو ستاندار دەبێتە ئەو سەنترالیزمە واتا ناوەند گەرێتی کە لە وێندەرێ مانا بە ژیانی ئەویتر دەبخشێت ، ئەمە پێناسەکەیتی ئەوەی من دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەو فەزا وز مودیلی میتافیزیقیا یە یە کە لە پرۆسەی ئیدیالدا گوازراوەتەوە بۆ ناو رەهەندە کۆمەلایەتیەکان لە بچوکترین یەکەی کۆمەلگا کە خێزانە . دارێژراوەتەوە لە وێشەوە , وەك سترەکتورمێك ,وەك مودیلێك ,بۆتە کەلتور و فەرهنگی کۆمەلگایەکەمان ,کە دەسە لاتی لە سەر بونیاد نێراوە هەر سێ ی دەسە لاتی خێزان ،حزب، ئایین، یەکەی کارگێری, ئەگەر حزبی کوردی بە نمونە وەربگرین ، دیارە حزبی کوردی بەرهەمی مودرێنەتەیە کە لە سەر کولەکەی سەنترالیزمێك بونیاد نێراوەو زەرورەتێکی مێژوویی بەر هەمی هێناوە ، لە سەر نەفەسێکی شۆرشگێرییەوە بە کۆمەلێك پێدراوی سیاسی سەردەمەکەی خۆیەوە گەمارو دراوە , لە قوناغی رزگاری نیشتماندا، مادامەکێ حزبی کوردی بەرهەمی قوناغێکی دیاری کراوی رزگاری نیشتمانیە، واتە هەلگری حەقیقەتێکە لە پشتی هەموو گوتارە پەرت بووەکانەوە , یەکێتیەك هەیە کە لە دەرەوەی تێگەیشتنە ستاندارەکە واتە گوتاری باو ,ئەو گوتارەی کە لە لایەن زورێنەوە پەسەندکراوە ، هەموو گوتارێکی تر بە پارچە کردنی نیشتمان دەزانێت و بەلادەر لە چەمکی نیشتمانی لە قەلەم دەدرێ ,لە ناو حزبی کوری دا رستەکان بە نەزۆکی ماونەتەوە ,چونکە گوتارە پەرتبوەکان نەیانتوانیوە درێژە بە ماناوەیان بدەن , رستەکانیان لێ وەرنەگیراوە ,یا خۆد ئەگەر وەریشگیرابێت بە گوتاری کرچ و کال و بچوك بچوك سیر کراون لە زۆر شوێن کەوتونەتە بەر پەلەماری زورینە لە لایەن کۆمەلگاوە بە لاما ر دراون , زور جاری وا هەبووە سەرکردەی حزبە بچوکەکان روبەروی , چەندین جۆرە بە لاما ردان , بونەتەوە لە لایەن زورینەوە , گەلەکومەیان لێ کراوە،وەك گوتمان چونکە گوتارە پەرتبوەکان نەیانتوانیوە بەردەوامی بە مانەوەیان بدەن خاوەنی مەشروعیە تی گوتاری مانەوە نەبوینە , لە ژێر هەژموونی ئەم دەزگایە زەببەلاحەی کە باسمان کرد کە جیاوازیەکان تێك دەشکنێت ، ئەم پرۆژەی جیاوازی کوشتنە وەك کەلتورێك لە گەل رەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیماندا، رۆژانە وەك سێبەرێك لەگەلماندا هاتووە تا کو راپەرین و ساتەوەختی ئێستاماندا ، لە ژێر وەهمێکی گەورەو زەرورەتێکی مێژوویی و بە بیانوی کورد بوونێکی روتەوە گوتارە بچوکەکان پاساو خنکێن دەکەن ، ئەم فەزایە شێواو لێلەی باسمان لێوە کرد وەك ڤایروسێك روو چوتە ناو رەهەندە کۆمەلایەتیەکان کە نەیانتوانیوە ببن بە خاوەنی گوتاری

تایبەتی خۆیان وەك توێژەكانی ، ئافرەتان، قوتابیان،سەندیکایەکان ، لە هەموشیانەوە گرنگتر رۆشنبیران ، هەموو ئەمانە دەخرێنە ژێر كۆمەلێك فەرەزیات و لە چوار چێوەی وەهمێكی گەورەی كورد بونەوە دەیانخەنە ژێر پرسگەلێكی جەبری نیشتمانییەوە ، دەتوانین بەشێكی پەر گیری بەگەرێنینەوە بۆ ئەو ناوەند گەرایەتی حزبی كوردی كە لە ئەنجامی ئەم كوشتنەی گوتارە جیاوازەكانەوە ، ئووسوولیە ئیسلامیەكان ئەم بۆشایە فراوانە فكریەیان قۆزتەوە بۆ تەوزیف كردنی هزری تندو تیژی واتا بە گشتی پەر گیری پەرچەكرداری ئەم ناوەندگەرایەتیە یە ئە مە نە ك تە نها لە كوردستان بەلكو لە تەواوی جیهانی عربی ئیسلامیدا ئەم رەوشە ئەم فەزایە ئامادەگی هەیە ئەگەر لە بواری سیاسی شەوە بیگوازینەوە بۆ لایەنی فكر ، فەلسەفە ، لە سەر هەمان نەفەسی ناوەند گەرایەتی یە ، بۆ نمونە مودرێنە كە قەلایەكی گەورەی سەنترالیزمی عەقل بوو ، ئەم سیستەمە لە چوار چێوەی خۆیدا ، نەست تەواو تەلاق دەدات و عەقل دەكات مەرجەعی رێ رەوی ژیانی رۆژانە واتا لایەنی روحی لە وێندەرێدا بە گوتارێكی پەرتبوو ، بە غەریزەیەكی ناپێویست هەژماری دەكات خویندكاری ئەم قوتابخانەی فەلسەفیە هابر ماسە میراتگری ئەم چەمكە چوارچێوەیی یە كە شەرعیەت بە زەروەتێكی مێژوویی دەدات و بروایی بە رێكەوتنی ، ( أ ) ( ب ) بە بێ ی ئامادەگی ( ج ) ، واتا دیدی سێ یەم دەكوژێت لە ئەنجامدا رستەكانمان رستەی نەزوكن و نەمانتوانیوە لە نێوانی من و تۆ دا ئەوی تریش بەشداری پرۆسەكە ی پێ بكەین، بۆیە هێشتا فەرسەخێك لە دیموكراسی و دادوەری كۆمەلایەتی و ژیانی فەزیلەتەوە دوورین .